# دیداری گۆڤاری ژیانەوە لەگەل د.سالار باسیرە



## (ژیانەوە / یەکێتی ژنانی کوردستان دەری دەکات) ژمارە 516 /

## یەک شەمە / 8.7.2012

ژیانەوە/ ئایا ئاستی جیاکارییە رەگەزییەکان لەچ ئاستێکدایە لەم هەرێمەدا؟

- سالار باسیرە: جیاکاری رەگەزی لەهەموو ئاستەکاندا هەستی پێدەکرێت، لەسەر ئاستی سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ئابوری، یاسایی، هەتا دەگاتە ئاستی زانستیش لەکوردستاندا بوونی هەیەو بە روونی دەبینرێن، بوارێك نەماوەتەوە کە هەست بەوجیاکارییە نەکەین تیایدا. هۆکارەکانیشی هەر لەنێو کۆمەلگاکە خۆیدا دەدۆزینەوە ئەگەر بۆی بگەرێین. کۆمەلگای کوردی کۆمەڵگایەکی هێشتا تەقلیدیە، تا رادەیەکی زۆر دواکەوتوە، ئەمەش کۆمەڵێك موعانات دروست دەکات کە ژنو پیاویش دەگرێتەوە بەتایبەت ژن لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر. ئەقڵی کۆمەڵگەکەش وادەکات ژن زیاتر بچەوسێتەوە. بۆ نموونە کچ

زۆرجار لەمنداڵیدا ناخرێتە قوتابخانە، چونکە وابیردەکرێتەوە کە گەورەبێت هەرشو ئەکات ئیتر خوێندنی بۆچییە، یان ئەو ئەقلیەتەی ئەڵێت ژن هەر بۆ مەتبەخەو پیاویش بۆ سیاسەتە، ژن لەم هەرێمەدا مەکانەیەکی خراپی پێدراوە وەك لەومەکانەی کە دراوە بەپیاو. لەو وڵاتانەی کە زەمانی کۆمەلایەتی نیە، تائێستاش ئاواتی ئەوە دەخوازن کە کوڕیان ببێتو وابیرئەکاتەوە ئەو بۆ زەمانی دوارۆژەو ئەبێت بەگەورەی خێزانو بنەماڵەکە بەتایبەتی لەناوچە کشتوکاڵیو لادێ نشینەکاندا، بەڵام ئەگەر سەیربکەین ئەو دەوڵەتانەی کە زەمانی ژیانی تێدایە یان بابڵێین زەمانی کۆمەڵایەتی تێدایە ئەو پێویستیە کەمترە بۆیە ئەو زەمانی کۆمەڵایەتیە گرنگە وابیرنەکرێتەوە کوڕ پارە پەیداکەرەو دوارۆژی خیزان تەنها لای ئەمە، بۆیە ئەم جیاکارییانە نەك هەر لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، بەڵکو لەکۆمەڵگەکانی تریشدا بوونی هەیە، بەلام لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نموونە باسی ئەفغانستان بکەین، لەسەردەمی تاڵیباندا ژن بۆی نەبوو ممارەسەی پیشەکەشی بکات ، تەنانەت شانۆگەریو سینەماو هونەر نەمابوو.

ژیانەوە/ تۆ سالانیك لە ئەوروپا ژیاویت، ئایا جیاوازی چەندیتی و چۆنیتی کیسەکانی ژنان لە نیوان کوردستان و ئەوروپادا چۆن دەبینیت؟

- سالار باسیرە: من دەپرسم چەندن رێژەی ئەو ژنانەی لەپیشەدان، چەندن رێژەی ئەو ژنانەی لەناوەندی بڕیاردان لەحیزبەکاندا، تەنانەت چەندن رێژەی

ئەو ژنو پیاوانەی کە ئەندامن لەچالاکی کۆمەڵگە مەدەنیەکاندا یان لەبواری چالاکی ژنان خۆیاندا، بەجۆرێك لەجۆرەکان بووە بەتەقلید کە سیاسەت زۆرتر بۆ پیاوە. هەروەها پیاو نان پەیدادەکاتو ژن لە رووی داراییەوە پابەنددەبێت بە پیاوەوە، زۆرجار خێزانی کورد کە ئەچنە ئەوروپا جیادەبنەوە لەیەکتر. لەو ولاتەکەی خۆی لەژێر رەحمی پیاوەکەیدابووەو گەلێك چەوسانەوەی قبوڵکردوە و لەبەر ئابڕوی بنەماڵەکەی یان شەرەفی خێزانەکەی یان ئەو دابونەریتەی باڵیکێشاوە بەسەر کۆمەڵگەدا، کە شەرەف بەژنەوە بەستراوە نەك پیاو، پیاو هەڵەش بکات گوێی نادرێتێ، بەڵام ئەگەر ژنێك هەڵەبکات ئیتر پاپۆڕەکە غەرق بووەو دونیا هەمووی خراپبووە. زۆرێك لەخێزانە کوردەکان لەئەوروپا جیادەبنەوە چونکە دڵنیایە لەوەی کە قانوون پشتی ئەگرێتو شەرم ناکات لەوەی جیابێتەوە، بەتایبەت کە دەولەت ژیانی داراییەکەیان زەمان دەکات. هەروەها شوبکاتەوە، لەکوردستان عەیبە ئەگەر منداڵت هەبوو شوبکەیتەوە، بەڵام بۆ پیاو ئاساییە ئەگەر شەش ژنیش بهێنێت. هۆکارێکی تری ئەو جیابوونەوانە ئەوئازادیەیە کە لەئەوروپا بوونی هەیەو وادەکات کە ژنان بەجۆرێك رەفتاربکات لەگەڵ دابونەریتی پیاوەکەیدا و کۆمەلگاکە نەگونجێت، زۆرجار خراپ بەکار دەهێنرێت لە لایەن ژنەوە.

ژیانەوە/ پێتوایە کە تا ئێستا زۆربەی کۆمەلگا وەك پێویست لە ژن و مافەکانی ژنان نەگەشیتوون، بەبەشێك لە ژنان خۆشیانەوە؟

- سالار باسیرە: ئێمە بەپیاو و ژنەوە بەرهەمی واقیعی کۆمەڵگەی خۆمانین. ئەو ئەقڵیەتەی کە دواتر بۆمان ماوەتەوەو زاڵە لەدایك نەبووە لەگەلماندا، بەڵام بەرهەمی سیستەمی پەروەردەکەیە ئەوەی دەولەت و ئەوەی لە خیزانیشەوە هەیە. ئەگەر بروانینە ئەوروپای سەدەی ناوەراست بەو پرۆسانەدا رۆشتوون. زۆرجار لەناو خێڵێك یان عەشیرەتێك ئەقڵیەتەکە وایە پیاوان لەژورێكو ژنان لەژورێکدان، ئەمە چەوسانەوەی هەردوو لایە. زۆربەی ژنان دەکەونە بەر دوو جار قورسایی لەنیوان کاری پیشەو کاری مالەوە چونکە ئەوەی مالەوەش بە زۆری لەسەر شانی ژنە. من تانەچوومە ئەوروپا ئەو ئیشانەم نەکردبوو، تەقدیری ئەو ئەرکە گەورەیەم نەدەزانی کە دایکم یان خوشکەکانم لەماڵەوە ئەیانکرد بۆیە بەڕای من پێویستە لەرووی قانونیەوە پاداشتی ژن بدرێتەوە لەبەرامبەر ئەوئەرکەی لەماڵەوە ئەیکات. راستە شتێکی سروشتیە کە ژن دووگیان ئەبێت، شیر ئەدات بەمندالٚ کە ئەوەش ئەرکێکی زۆر قورسە، بەڵام پێویستە پیاو پاداشتی بداتەوە.

ژیانەوە/ لەنێو تاکو کۆمەڵگەدا کامیان زیاتر کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤەکانی کۆمەڵگەو وادەکات ژن هەموو ئەمانە قبولٚ بکات؟

- سالار باسیرە: راستە بکەرەکە مرۆڤە بەلام بەرپرسی یەکەم سیستەمە سیاسیەکەیە کە ئەمیش هەر بەرهەمی مرۆڤ خۆیەتی. سیستەمی تەندروست کۆمەلگای تەندروست بەرهەم دەهێنێت، بەلام سیستەمەکەش بە گشتی

بەرهەمی واقعی کۆمەلگاکە خۆیەتی. بروانە پەرلەمانی هەرێم تازە بەتازە دەنگ بۆ فرەژنی ئەدات. ئەمە لە کاتێکدا پەرلەمان مەرجەعی دەستورە دەنگ ئەدات بەفرە ژنی ئەمە تراژیدیایە. گرنگە ئەو کەسانەی لەدەسەڵاتدان کەسانی ڕۆشنبیرو ژیر بن. لەپێناو پێشکەوتنیشدا ناکرێت سیستمی سیایی وڵاتێکی پێش کەوتوو کۆپی بکریت و بەسەر کۆمەڵگەدا جێبەجێیبکرێت بەلکو ئەوە بەپرۆسەیەکی هێواش‌و و لەسەر خۆیە بەلام بێکارکردنیش بۆی پرۆسەکە هەروەك خۆی دەمێنێتەوە. لەزۆرێك لەوڵاتان کە70 بۆ 90 ساڵە دەوڵەتن ئێمە پێشکەوتوترین لەوانە لە هەندیك لایەنەوە. بروانە ئێران یان ئەفغانستان یان دەوڵەتانی کەنداو ئێستاش ژن بۆی نیە ئۆتۆمۆبیل لێبخورێت هەرچەندە ئازادی تەنیا بریتی نیە لەوە بەلام ئەمەش خالی گرنگە. کاروخەباتی سەرەکی بۆ ئازادی ژنان ژن خۆیەتی. ژن خۆی زیاتر هەست بەئازارەکانی خۆی و بە پیویستیەکانی خۆی ئەکات وەك لەوەی پیاو هەستیان پێبکات. بەلام هێلێکی فیمینیستی وا وەرنەگرن کە هەموو چەوساندنەوەکەیان تەنیا لەپیاودا ببینن. منی پیاو لەزۆر رووەوە بێ مافم. بەلام ژن پیویستە لە خەباتیدا پشت بە پیاوە رۆشنبیرەکانیش ببەستێت بەلام فاکتەری سەرەکی رزگاری خۆی خۆیەتی. هەروەها خەباتی ژنانیش جیاوازی هەیە. ژنێکی چەوساوەو هەژار خەباتەکەی دژی چەوساندنەوەی ئابوریشە، بەلام ژنێکی دەوڵەمەند پێویستیەکانی کەمترە و داواکاریەکانی ئایوری نین

بەلکو ڕیفۆرم کردنە. بەلام کۆمەلە داواکاریەك هەن هاوبەشەو پێویستە هەردوولایان یەك بگرن لەسەری و خەباتی هاوبەشیان هەبێت کە بەداخەوە ژنان خۆشیان ناتەبان لەناویەکدا.

ژیانەوە/ زۆرجار دەوترێت ئەگەر ژنان ئەو نەرمو نیانیەی نەبێت ئەوا فەرقیان نییە لەگەڵ پیاودا؟

- سالار باسیرە: پرسیارێکی باشەو ئەبێت بیر لەوەلامەکەی بکەمەوە، لەوانەیە هەر لە مێژودا لەسەردەمی راویشەوە لەناو خێڵەکاندا لەبەرئەوەی پیاو لەرووی جەستەییەوە بەهێزترە ئەرۆشتنە بۆ ڕاو کردن. دیارە هەر لەسەرەتای ژیانەوە ئەم جیاکارییە بوونی هەبووە، ژن دوو گیان دەبێت نەك پیاو، ژن سۆزو رەحمی زۆرترە بۆ مندالەکانی. ژن توانای جەستەیی کەمترە وەك لە پیاو هەربۆیە ژن بەسەبر ترە لەپیاو، نەفەسی درێژترەو بەپلان کار دەکات. رەنگە زۆرجار ئەوە ژن بێت حوکمی پیاو دەکات لە پشتەوەو بە ئاراستەی تری بەرێت. بەلام بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانستەوە زۆریك لە کاری جەستەیی ژن و پیاو کەمتر بۆتەوە. هەندێك جاریش لە خۆم دەپرسم ئەگەر ژن دەسەلاتدار بوایە ئاخۆ چۆن حوکمی دەکرد، چۆن مامەڵەی چۆن دەبوو؟ بەلام ئاسایی نابێت هیچ رەگەزێك رەگەزێکی تر بچەوسێنێتەوە. لە ئامارێکدا هاتووە لە 70٪ هەژاران لەجیهاندا ژنن. لە 64٪ نەخوێندەوار لەجیهاندا هەر ژنە. هەر بەپێی ئەو ئامارە فەرمییە بەشی ژن لەپەرلەمانی ئەڵمانیا بەم

شێوەیەیە: حیزبی یەکێتی مەسیحیە دیموکراتیەکان ژمارەی ژن تیایدا 24٪ە. لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لە 28٪ە. لەسەر ئاستی ناوەندی بریار لە 39٪.

ژیانەوە/ تۆ لەقسەکانتدا باسی بێمافی پیاوانت کرد ئایا بێمافییەکانی پیاو لەکوێدایە؟

- سالار باسیرە: پیاویش لە زۆر لایەنەوە بێمافە. بیمافی دەستی دەسەلاتدار. زۆربەی کات ئەو نان پەیداکەرەو کۆمەلیك بەرپرسیاریتی بەتایبەتی دەرەوەی مالیشی لەسەر شانە. ئێوە بەم پرسیارە منتان ئێستا رووبەرووی ئەوەکردەوە کە ئەبێت بیربکەمەوە ئایا لەکوێدا بێمافیم لەگەڵدا کراوە. بۆنمونە بۆ من ئەکرێم بەسەرباز ژن ناکرێت، بۆ من ئەنێردرێمە بەرەی شەڕ ژن نانێردرێت، بۆیە پێویستە ئێوەکار لەسەرکردنەوەی سەنتەری توێژینەوەی زانستی تایبەت بەژنان و ئەم بابەتانەش بکەن. گرنگەو پێویستە ئامارو راپرسی بکەن لەسەر زۆرێك لەوانەش باسمانکردن. دیارە چەندین دیاردە هەن بیٚ هۆکارو بێئەنجام نیە. ئەگەر ئەم شتانەمان زانی ئەوا چارەسەرەکانیش روون دەبن لەکوێدایە خۆ ئەگەر توانای ئەنجامدانیشی کەم بێت. پێویستە بۆ ئەم مەبەستە پەنابرێتە بەر یاساناسان، کۆمەڵناسان و ئابوریناسان... بۆئەوەی بەرگێکی ئاکادیمی بکریتە بەر لێکۆڵینەوەکان. لەسەر کارو چالاکی رێکخراوی ژنان لەولاٚتانی دەرەوە کەسانێکتان هەبێت بڕوات دراسەی ولاٚتان بکات و لێرە سوودی لێوەر بگیرێت و کاری لەسەر بکەن.